

# کێ دەتوانێ لێکۆڵینەوە

# لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان

# بکات

دیارەقەیرانی ناو سەرکردایەتی و بەڕێوەبەرانی یەکێتی نیشتمانی ئەوەندە گەورەیە ، بۆیان نەکرا یەکێک دەستنیشان بکەن بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، کە دەبوایە بەر لە چەند ڕۆژ ڕایانبگەیاندبایە . ئەو قەیرانەی ناو یەکێتی وای لە مامجەلال کرد کە سەردانی نەوشیروان مستەفا بکات و هەروەکو چۆن ئەو




سەرۆکی عێراق بێت و مامجەلال سەرۆکی کۆمپانیای وشەبیت. دیارە لە کوردستانی ئازاد دا ، سەرۆکی کۆمپانیای وشە لە سەرۆکی کۆماری عێراق و لە سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان [پۆستەکەی] گەورەترە . مامجەلال پرۆتۆکۆڵی سەرۆکایەتی [نازانێ] یان وا خۆی نیشان دەدات کە زۆر [خاکی یە] و گوێ بەو پرۆتوکۆلانە[رەسمی بێت یان نارەسمی] ناگرێت ، بۆیە لە سلیمانی هەر خۆی چووە پێشوازی [هاشمی] ئەگەرچی هاشمی جێگری سەرۆکە نەک سەرۆک یان لەکاتی هاتنە ژوورەوەدا هەردەم [هاشمی] و [مەهدی] لە پێشەخۆی دەدات کاتێک دەچنە ژوورەوەوە یان دێنە دەرەوە .هەنوکەش وادەزانێ لەناو شاخ لە ئەشکەوت میوان بەڕێ دەکات یان پێشوازیان دەکات . ئاژانسەکان بە تایبەتی سەر بە یەکێتی ڕایگەیاند کە مامجەلال چووە سەردانی هەڤاڵی خۆی کردووە. واتە هەواڵەکەش گرنگی پێدراوە بۆیە نەوشێروانیان کردە

**هەڤاڵی [کۆنی] مامجەلال .هەر بۆ ئەو مەبەستەش مامجەلال لەگەڵ مەسعود بارزانی کۆبۆوە و ڕاگەیاندنی کەسەکەیان بۆ ڕۆژی یەکشەمە دواخست . ئەو حکومەتەی نێچیرڤان ئیدریس بارزانی سەرۆکایەتی دەکات و عومەر فەتاح حوسێن جێگری دەکات کامە دەزگای سەرپەرشتی و لێپرسینەوە و ڕەقابە ڕاپۆرت ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی باسی ئەو کارەچاکانە بکات کە ئەو کابینانەی حکومەت بۆ جەماوەر پێشکەشی کردووە چی بوون . یان کامە دەزگای لێکۆڵینەوە هەیە کە ڕاپۆرتێک ئامەدە بکات و دەستنیشانی ئەو کەموکوڕیانە بکات کە حکومەت دووچاری هاتبوو ، کامە تاک لەناو دەزگاکانی حکومەت بوێرە و دێتە بەردەم خەڵکی بەنجە لەسەر خاڵە [لاواز] و بە [هێزەکان] دابنێ و دەستنیشانی ئەو {دزین} و {گەندەڵی}یانە بکات کە هەتا بن ملی سەرۆک و جێگر و وەزیر و جێگری وەزیر و بەڕێوەبەر و جێگری بەڕێوەبەر هاتووە {بۆ ئەوی تاوانبار نەکرێم بە بوختان هەڵبەستن با لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو خانوو و زەویانە بکرێت کە ئەو لێپرسراوانە تێدا دەژین بزانین بە دینارەکانی مانگانەیان بۆیان دەکرێت خانووی ئاوایان هەبێت و زەوی ئاوایان بۆ دەکڕدرێت}با {بانقەکانی کوردستان خۆیان ئاشکرابکەن بزانین هەر یەکەیان چەندی قەرز کردووە بۆ ئەوەی خانوو و زەوی بکڕێت}. بۆ یادوجەژنی ساڵی تازە پارێزگاری هەولێر[نەوزاد هادی] بۆ دڵدانەوەی خەڵکی بێکارەبا و گەنجی [دڵتەنگی] کوردستان لە سەر قەڵای هەولێر و دەوروبەری و بەردەمی پارکی پارێزگا بایی کۆمەڵێک [ملیون دینار یان دۆلار] گلۆپی هەڵکردبوو خەڵکی پایەتەختیش لە تاریکایی پێشوازیان لەسەری ساڵ کرد . ئەو کارانە نابێتە گەرمکردنەوەی ئەو منداڵە ساوانەی کە خەون بە [گەرمای سۆپا]کانیان دەبینن کە لەبەر بێنەوتی بە ساردی لە ژوورەوە دانراوە .هەڵپەڕکێ و سەمای سەری ساڵ بۆ چەند کاتژمێرێک خەڵکی بێهۆش کردبوو بەلام هەر زوو خەڵکی [تف و نەعلەتی] خۆی بۆ ئەو دەستەکەوتە [هیچوپوچانە]ی ڕەوانەدەکرد کە لەبەر بێپارەیی بۆی ناکرێت نەوت پەیدا بکات و خۆی لەسەرما بپارێزی یان پارەی چەند خەتی[ئەمپێری کارەبای] نی یە هەتا هەندیک کارەبا بۆخۆی پەیدابکات و بکڕێت .حکومەتی نیچیروان بارزانی ئەگەر دەستکەوتی [شوقەکانی زەکەریا] و دروست کردنی [سوپەر مارکێتی نیوستی] و پینەکردنی شەقامی بەبێ ئاوەڕۆ و فرەوانکردنی سنووری شارەوانی هەولێر و داگیرکردنی زەوی وزاری جوتیارانی هەولێر و کردنەوەی زانکۆی شەوانە و بە پارە و ئەوانە بێت بۆ ئەوەی دەوڵەمەندەکان کەیفخۆش بکات ئەوە دەبێ حکومەتی هەرێم بزانێت زۆرینەی خەڵکی پایەتەخت و کوردستان دەخلی ساڵانەی نابێتە [چەند دۆلارێک]**

که ئەوانە زورینەن نەک ئەوانەی مانگانە 5000 و 10000 دۆلار کرێ وەردەگرن یان بە ملیون لوول دەدەن و کەسیش باسیان ناکات .مامجەلال لە ئەمریکا کەیفخۆشی خۆی رادەگەیاند کە سلێمانی خاوەن چەندان ملیونێرە ملیونێری دۆلار نەک [دیناری بریمەر] . خەڵک هەیە بۆ جەژن بۆی نەکرا گۆشت بۆ منداڵەکانی پەیدابکات و دەستێک جلوبەرگی تازەیان بۆ بکرێت ، دراوسێیەکەی بەهانای هاتووە و چێشتی جەژنانەی بۆ بردووە و کۆنە جلی بە منداڵەکان بەخشیووە . لەجیاتی ئەو هەموو [گلۆپەکزانە] دەبوایە نەوزاد هادی هەندێک گۆشتی بەسەر منداڵانی گەرەکە هەژارەکانی هەولێر دابەش بکردبایە و شەکرۆکەی بدابایە منداڵان خێرتر و زۆر جوانتر و باشتر بوو لەو کارەبا [قۆپیە]یەی کە لەبەردەم دوکانەی هەڵیگیرساند بوو .هەردوو زلحیزب ئەوا 17 ساڵە لە بەرهەمی نیشتمان دەخۆن و دەدزن و گەلێکیشیان بە گوللە دا و لە سینگی یەکتریان سەرف کرد . هیچ حکومەتێک لە جیهاندا نی یە حیزب بە خێوی بکات هەردەم حکومەت حیزبی بە خێو کردووە و پارەی داوەتێ، کەچی بۆ [نیگبەتی کورد و کوردستان] ئەوا ئێمە لەمەش تاقە حکومەتمان هەیە کە دەستمان و چاومان لە رەحمەتی [حیزبە] پارتی و یەکێتی یە بۆ ئەوەی حکومەتمان بەخێو بکات. حکومەتی هەرێم با سەربەخۆیی خۆی لەو دووحیزبە وەربگرێت ئینجا هەوڵبدات کابینە دابمەزرێنێت و سەرۆک و جێگری سەرۆک و وەزیر دەستنیشان بکات .حکومەت با دەست بەسەر سەرمایەی پارتی و یەکێتی دابگرێت و با بزانێت ئەوان سەرمایەیان چەندە ئینجا خەڵک باوەڕ بە حکومەت دەکات .

هەرسێ حکومەتی هەرێمی کوردستان [حکومەتی سلێمانی و هەولێر و کابینەی نێچیرڤان بارزانی و عومەر فەتاح] پێویستیان بە لێکۆڵینەوە و پشکنینە بۆ ئەوەی ڕاپۆرتی چالاکیەکانی [کۆمەڵایەتی] و [سیاسی] و [ئابووری] ئاشکرا بێت بۆ خەڵکی کوردستان . ئەو کارەش کێ ئەنجامی دەدات پەرلەمانی هەرێمی کوردستان یان ئەندامانی دەفتەری سیاسی هەردوو زلحیزب .

ساڵی تازەتان پیرۆز بێت و ساڵی خۆشی و بەختەوەری بێت بۆ هەمووومان .

فەهد گردەوانی 2008/1/4 ستۆکهۆڵم